# مردنی حیزب

## دکتۆر کەماڵ میراودەلی

( ١ )

ئەمڕۆ ٢٧ ی مایسی ٢٠١٣ ، ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانیی سەروتاری سەرەکی خۆی بە ناونیشانی ' هێواش مردنی سیاسەت ' بلاوکردۆتەوە . کە ڕاستی وتارەکە زیاتر دەربارەی مەرگی حیزب و حیزبایەتییە لەوەی هی سیاسەت بێت بە مانا فراوانەکەی .

جاڕدانی مردنەکان وەک ئاماژەی کۆتاییهاتنی ماوەیەکی مێژوویی بیر و پرۆسە ، دەستپێکی ماوەیەکی دی لە مێژووی خۆراوادا تازە نییە .

بانگاشەی هیگل و نیتچە بۆ مردنی ' خوا ' واتە گوتاری دینیی لە سەدەی نۆزدەیەمدا .

بانگاشەی ڕەخنەگری ئەدەبیی فەرەنسیی بۆ مردنی دانەر یان نووسەر لە ساڵی ١٩٦٨ دا .

دا بانگاشەی نووسەری ئەمریکی فرانسیس فوکۆیاما بۆ کۆتایی مێژوو لە ساڵی ١٩٩٢ .

بانگەشەی فیزیا-زانای هاوسەردەمی بەناوبانگی ئینگلیزی ستیفن هاوکینگ لە کتێبە گرنگەکەیدا ' نەخشەسازیی مەزن ' ( گرەیت دیزاین ) بۆ مردنی فەلسەفە و جێگرتنەوەی بە زانستی فیزیا و ماتماتیک .

تەنانەت بیرەکانی فەیلەسوفی فەرەنسیی فوکۆ لە هەشتاکانادا دەربارەی ئاسۆکانی ' کۆتایی مرۆڤ ' .

(٢)

دیــاره وتـــارەکەی تـــایمز نە لەو ئاســـتە فەلســـەفییانەی جارنامەکـــانی مردنەکــــــانی ســـــــەرەوەن، نە مەبەستیشـــــــــی ئەوەیە کە داوای ســـەردەمێکی پۆســـت - سیاســـەت و تەنـــانەت پۆســـت-حیزبـــایەتیی بکات .

وەک رۆژنـــامەیەکی کۆنەخـــوازی زمانحـــاڵیی ' بیـــری راســـتی ناوەڕاســـت '، رۆژنـــامەی تـــایمز ئەم وتـــارەی بـــۆ دەربڕینـــی پەرۆشـــی خـــۆی دەربـــارەی مەرگـــی حیـــزب و حیزبـــایەتیی ، وەک وتـــارەکە روونـــی دەکـــاتەوە ، دەردەبـــڕێ و داوای هەنگـــاوی پراتیکـــی و عەقلانـــی بـــۆ چارەسەری هەلومەرجەکە دەکات .

بەلام لەگەل ئەوەشـــدا وتـــارەکە راســـتیی لەحـــزە مێـــژووییەکەی نەک تەنیـــا دەبـــارەی بەریتانیـــا کە چەقبەنـــدیی وتـــارەکەیە بەڵکـــو دەربـــــارەی پرۆســـــەی سیاســـــەت و حیزبـــــایەتیی لە تەواوی کۆمەڵگاکانی رۆژاواییدا ئاشکراکردووە .

ئەوەی ئاشـــکرایە ئەوەیە کە گرنگیـــدانی خەلـــک بە سیاســـەت کەمتـــر بـــۆتەوە و بەشـــداری خەلـــک لە هەڵبـــژاردن ســـاڵ بە ســـاڵ روو لە کەمتر کەمتر دەکات .

ئەویـــش لە بەر بێزاربـــوونی خەلـــکە لە حیـــزب و حیزبـــایەتی و باوەڕنەمـــانی بە سیاســـەتمەدارانی حیزبیـــی . واتە سیاســـەت وەکـــو پیشـــەی حیزبـــی روو لە کزبـــوونە نەک سیاســـەت خـــۆی وەکـــو هەوڵـــی تـــاک بـــۆ هەلبـــژاردن و رێکخســـتنی جـــۆری پێوەنـــدی خـــۆی بە کـــۆمەڵ و دەسەلاتەوە .

## (٣)

بـــا بگەڕێـــمەوە بـــۆ وتـــارەکەی تـــایمز . دەنووســـێ : [[ لە ســـاڵی ١٩٥٣ دا پـــارتی کۆنپـــارێزان ( کۆنســـێرڤەتیف ) نـــزیکەی ســـێ ملیـــۆن ئەنـــدامی هەبـــــوو ، ئێســـــــتا نـــــــزیکەی ١٥٠،٠٠٠ ئەنـــــــدامی هەیە . ئەوانەش زۆربەیان پیرو ماندوون .

حیزبی لیبرال ٥٠،٠٠٠ ئەندامیان هەیە . ئەمەش پێنجیەکی ئەو ژمارەیە کە ئەوکاتەی وەک حیزبێکی پەراوێزیی حیساب دەکران هەیانبوو . [ واتە ٢٥٠،٠٠٠ ئەندام . ]]

تایمز ئەم داشکانەی ئاستی ئەندامێتیی بە گرفتی گەورە دەزانێت بۆ حیزبەکان و چوار هۆکار بۆ ئەمە دەدات .......

١. ئەندامی پیرو ماندوو ناتوانێ لە هەلبژاردنا چالاک بێت و مالەومال بکات و پۆستەرو بەیاننامە دابەش کات .

٢. کەمی ئەندامان مانای وایە داهاتی دارایی و بودجەی حیزبەکان کەم دەبێتەوەو ناچار دەبن پشت بە پشتگیری دەولەمەندەکان ببەستن ( کۆنەپارێزەکان ) یان نەقابەکانی کرێکاران ( حیزبی کار ) . ئەمەش تەندروست نییە .

٣. هۆی سێیەم و چوارەم سیاسییە . حیزبی لۆکالی بچووک کە لە چەند دەرزەن ئەندام زیاتری نەبێت، واتە لە تاقمێک زیاتر نەبن، کاندیدی پەرلەمان هەلدەبژێرن ، ئەندامێتی لیبرال لە هەندی لۆکالدا لە ٣٠ کەسس تێپەڕ ناکات . دوای هەلبژاردنیان ئەو کاندیدانە زیاتر گرنگی بە پاراستنی پشتگیری ئەو تاقمە دەدەن لەوەی بەو خەلکەی دەنگیان بۆ دەدەن .

٤. تایمز هۆکاری سەرەکی دابەزینی ژمارەی ئەندامان بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەندامێتی حیزب هیچی تر نیشانەی هاوخەباتی چینایەتی و ناسنامەی کەسیی نییە . بەلکو تەنیا بۆتە بارگرانیی ، سوودی کەمی بۆ ئەندام هەیە کە دەبێ ئابوونەش بدات و کارتی ئەندامێتی هەڵگرێت . واتە ئەندامبوون هیچ ئیمتیازێك و مافێکی زیادە نادا بە هاولاتی و بە پێچەوانەوە دەبێت خۆی پارە ( ئابوونە ) بە حیزب بدات و کاتێکی زۆر بۆ ڕێکخستن و بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ کامپەینکردن بە سەر بەرێت .

له لایه‌کی تره‌وه تایمز روونی ده‌کاته‌وه نه‌مانی بایه‌خدان به حیزب مانای گرنگی نه‌دان به سیاسه‌تی و بیری سیاسیی نییه . چاره‌که‌ملیۆنێک خه‌لکی به‌ریتانیا له فه‌یسبووک خۆیان به کۆنه‌پارێز دزه‌زانن به‌لام ئه‌ندامی ئه‌و حیزبه‌ش نین . بۆیه داوا ده‌کات که مه‌رجی توندی ئه‌ندامێتی شل بکرێته‌وه‌و خه‌لک بتوانن وه‌ک پشتگیر به ئابوونه‌یه‌کی زۆر که‌متر به حیزبه‌وه به‌ند بن و به‌شداری چالاکی و بریاردانی سیاسه‌ته‌کانی بکه‌ن . له لایه‌کی تریشه‌وه داوا ده‌کات وه‌ک ئه‌مریکا کاندیده‌کانی په‌رله‌مان له لایه‌ن خه‌لکه‌وه ( ده‌نگده‌رانه‌وه ) له پرایمه‌ری کراوه‌دا هه‌ڵبژێردرێن نه‌ک له لایه‌ن ئه‌ندامانی لۆکالی حیزبه‌وه وه‌ک باوه .

## (٤)

وه‌ک وتم ئه‌مه سه‌روته‌یه‌کی بیرورواى رۆژنامه‌که‌یه‌و کتێبی نووسه‌رێک و تیۆریی و بیرێکی تازه نییه ده‌رباره‌ی مردنی حێزب و ده‌ستنیشانکردنی له‌برییه‌کانی . بۆیه تایمز به درێژی باسی هۆکاره‌کانی داوه‌شانی سیاسه‌تی حیزباویی له به‌ریتانیادا نه‌کردووه . که راستییه‌که‌ی بۆ ئه‌وه ده‌گه‌رێته‌وه زۆربه‌ی حیزبه‌کان ئێستا به له‌یبه‌رو لیبراله‌کانیشه‌وه خۆیان له ده‌وری ( نێوه‌ندی سیاسیی ) واته چینی سه‌رمایه‌داری و نیوه‌ندی بالا کۆکردۆته‌وه‌و جیاوازییه‌کی ئه‌وتۆ له نێوان سیاسه‌ته‌کانیان هه‌ست پێانکرێت و خه‌ڵک ده‌زانێ به گۆڕانی ده‌موچاوه‌کان سیاسه‌ته‌کان و ستراکتوره‌کان ناگۆڕێن . تایمز ئه‌مه وه‌ک نه‌مانی ناسنامه‌ی حیزبیی و سروشتی چینایه‌تی وه‌سف ده‌کات ، له کاتێکدا جیاوازییه چینایه‌تییه‌که له ده‌ره‌وه‌و له واقیعدا ماوه‌و سیستمی گلۆبالی سه‌رمایه‌داریی رێبازی ئابووریی وده‌رفه‌تی کار و ئاستی ژیان دیاری ده‌کات که ئه‌م سیستمه‌ش له کۆنترۆلی سیاسیی تاقه ده‌وڵه‌تێک ده‌رچووه. بۆیه راستره‌وه‌کان له به ریتانیا بۆ گێرانه‌وه‌ی خه‌ڵک بۆ سیاسه‌ت بانگه‌وازی ده‌رچوون له یه‌کێتی

ئەوروپایی و سنووردانان بۆ کۆچڕەوی بێگانە بۆ ولاتەکەیان و بۆ سیستمی یارمەتی کۆمەلایەتی ( سۆسیال ) دەکەن . لە لایەکی تریشەوە بە هۆی تەکنۆلۆجی و ئازادیی زانیارییەوە خەلک زیاترو زیاتر سروشتی سیاسەت و سیاسییەکان وەک سەربزاردەیەکی مەیلدار بە فسق و فەسادیی و بێدەسەلاتییان بەرابەر بانکەکان و دامەزراوە سەرمایەدارییەکان تێدەگات و لێیان ی ێ هیواو بێزارو تووره دەبێت و لە بێهێواییدا لە سیساسەت دووردەکەوێتەوە .

ئەوەی خەلک بۆ سیاسەت رادەکیشێ بە پلەی یەکەم ئابوورییەو بەرنامەی حیزبەکانە بۆ نەهێشتنی بێکاریی و کەمکردنەوەی باج و گێڕانەوەی گەشەسەندنی ئابووریی و وەستاندنی پرۆسەی داوەشان . بەلام هیوای ئەوە لە هیچ حیزبەکان ناکەن بەرامبەر ئەمە شتێکی ئەوتۆ بگۆڕن بۆیە کێشە ئابوورییەکان دەبنە کۆمەلایەتی و لەو ناوەدا کۆچەرانی بیانیی وەک هۆکارێکی سەلبیی دەبینرێن و لەم رێگایەوە راسترەوەکان دەیانەوێت ئاقاری تێگەیشتنی سیاسیی خەڵک بگۆڕن و پێگەی سایسیی خۆیان بەهێز بکەن . لە لایەکی تریشەوە خەلک بە تایبەتی گەنجان نها سیاسەت زیاتر وەک شێوەو ستایلی ژیان سەیر دەکەن و سیاسەتی پێوەند بە تاک و خەم و خولیای تاک یان گەنجان وەک تویژیکی نوێ لە ئارەزۆکان و ئایدیاکان جێگەی سیاسەتی حیزبیی گرتۆتەوە ، کۆمەڵ و تۆڕەکانی فەیسبووک و هی تر لە لە سەر بنچینەی ئارەزۆکان وبۆچوونە هاوبەشەکان دامەزراون . ئەوانەی بە دوای خەم و خولیاکانی وەرزش و مۆسیقا و هونەرو ئەدەب و هاورێیەتیی و خۆشەویستیی دەکەون زۆر لەوانە زیاترن کە گوێ بە سیاسەت دەدەن .

هەرچۆنێ بێت حیزب لە رۆژاوادا خەریکە دەبێتە بوویەکی دایناسۆری و خەلک بە دوای لەبریی لەبارتر بۆ پراوەکردنی سیاسەت و بەرێوەبردنی ئۆتۆنۆمیی ژیانی خۆیاندا دەگەرێن .

بەلام بچووکبوونەوەی حیزب هیچ لە کۆمەڵ کەم ناکاتەوە.

راستیی کەمبوونەوەی قەوارەی حیزب و کەمی ئەندامانیان و هەلوێستی زیاتری خەلک بەرامبەر هەلبژاردن تەنیا بۆ هۆکارە سەلبییەکان ناگەرێتەوە . بەلکو بۆ سەرکەوتوویی و دامەزراویی سیستمی سیاسیی دیمۆکراتی رۆژاوایی دەگەرێتەوە .

حیزب رێکخراوێکی بچووکە کە دەبێ خۆی لە رێگەی ئابوونەی ئەندامان و ئەو پارەو پیتاکەی بۆ هەلبژاردنەکان کۆی دەکاتەوە خۆی بژێنێت و پارە بۆ چالاکییەکانی پەیدا بکات . حیزب لەشکری نییە ، پۆلیسی نییە، خێڵی نییە ، میدیای نییە ، بازاڕی نییە ، کۆمپانیای نییە ، زەویوزاری نییە ، بیرەنەوت و غازی نییە ، هتد هیچ جەمسەرو جومگەیەکی ژیان جگە لە ئالۆگۆڕکردنی ئاشتییانەی حکومەت هەرچەند سالێک جارێک ، بە حیزبەوە نەبەستراوەتەوە . کۆمەل لە دەرەوەی حیزب دایە و بە چاوی گومانەوە چاودێریی حیزب دەکات . تاک لە دەرەوەی حیزب دایەو بە چاوی سووک سەیری حیزب دەکات .

ئابووری و بازاڕ لە دەرەوەی حیزب دایەو لە رێگای مونافەسەی ئازادیی بازارەوە کالاو بەرهەم و خزمەتی خۆیان بە هاولاتییان دەگەیەنن و هاولاتییان بە ئازادیی بە خواست و هەلبژاردەی خۆیان ئەوە دەکڕن و بەکاردەهێنن کە بە پێی توانای ماددی خۆیان، دەیانەوێت . حکومەت لە دەرەوەی حیزب دایەو ئەویش هی مەرکەزی یان محەللی ، بە زۆری بە پارەی باج ( تاکسی ) خەلک هەیەو بە بێ حیزب سوپا ولات دەپارێزێ ، پۆلیس ئاشتی ناوخۆیی و سەلامەتی هاولاتیی دەپارێزێت ، کەرتی تەندروستی و خەستەخانەو دکتۆرەکان بە خۆرایی خزمەتی تەندروستی پێشکەش دەکەن و کە کەمتەرخەم بوون هاولاتی دەتوانێت بیانداتە دادگاو قەرەبوو بکرێتەوە، دادگاو پۆلیس و کاروباو ئاوو هاتوچۆوخاوێنی جاددەو شارو پەرەوەرەدو خوێندن و بازاری کارو ئیش دۆزینەوەو دامەزراندن میدیا و هەزاران دەرفەتی مەشق و

راهێنان و خۆپێگەیاندن و ژیان دەولەمەندکردن لە دەرەوەی حیزب و حکومەتن و کەرتێکی ئەهلیی یان خۆبەخشیی و هەروەزی مەزنیش هەیە کە هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەک بە خۆڕایی پێشکەشی هاولاتییان دەکەن و تواناسازیی ئەوانە دەکەن کە لە بەر هەر هۆیەکی فیزیکی یان کۆمەلایەتی ناتوانن دەرفەتە یەکسانەکان بەکاربێنن . زیاتر لە ٦٠٠ هەزار ڕێکخراوی مەدەنی لە دەرەوەی حیزب و حکومەت لە بەریتانیادا داهەیە کە دەیان ملیۆن ئەندامیان هەیەو حەوت ملیۆن کەس ڕۆژانە بە خۆڕایی و خۆبەخشیی خزمەتی ولات و کۆمەڵەکەیان دەکەن .

دەورو دەرفەتی هەزاران ڕێکخراوی سەربەخۆی کۆمەلگای مەدەنی ، سەدان دەرفەتی چالاکی ڕۆشنبیریی و هونەریی و وەرزشیی و کۆمەلایەتیی لە بەردەم هەموو تاکێکدا کراوەن . دەیان خۆزگەو ئاواتی گەنج و لاو لە دەرەوەی سیاسەتدا دەرفەتی بەدیهاتنیان هەیە .

ژیان لە سیاسەت گەورەترە وتاک لەوە هوشیارترە ژیانی خۆی بە کۆمەڵی ئەیلیتی سیاسیی گەندەلەوە بە ناوی حیزبایەتییەوە ببەستێتەوە .

سەرکردەی خوا و ڕێبەرو کاریزمایی دەمێکە مردووەو لەبیرچۆتەوە .

بە مانایەکی تر سیاسەت ژیانە و بەشداریی هۆشیارانەیە لە تێگەیشتنی پرۆسەکانی ژیان و هەلبژاردنی هەلوێستی دروست بەرامبەریان لەوانە هەلبژاردنی هەلوێستی دوورکەوتنەوە لە حیزبە دیناسۆریی و سیاسەتە هیچنەگۆرەکانیان .

## (٥)

کۆمەلگای دواکەتوو، بەدواکەتوو، دوا گەیشتوو بە شتەکان ، هەمیشە لە قڕەوە دەست پێدەکات، لە کۆتایی یەوە دەگاتە سەرەتا، پرسەکان بەراوەژوو دەکاتەوە، سەر دەخاتە جێی کلک ،

قاچ جێی سەر . لە مردنی حیزبەوە کۆمەڵگایەکی سەروبەر و سەرانسەر حزبیی دروست دەکات و چاوی لەو هەموو لەبریی و بەدیلە بەهێزو کاریگەرانە کوێر دەکات کە کۆمەلگا پێشکەوتۆکان وەک بەدیلی حیزب بۆ رێکخستن و ئیدارەی ژیانی کۆمەڵگایی هاوبەشی خۆیان گەشەیان پێداون .

لە کوردستاندا بەپێچەوانەوە ، بەزم بەزمی حیزبایەتی و حیزبدروستکردن و حیزب حیزبێنەیە . ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە ولاتی ئێمە لە قۆناغێکی جیادایەو پێویستی بە حیزبە. نا حیزب هەڵگری هەموو پرۆسە سەلبیی و خوێناویی و خیانەتاوییەکانی مێژووی گەلەکەمانە و بە مانای سیاسیی زانستیی حزب و حیزبایەتی هەر بوونی نییە . لەو پێناسە زیاتر کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی تاقمەکەسێک دەکات و لە دەوری مەرکەزییەتی بنەمالەو کەسانێکی شاخیی کۆبۆتەوە ، مەرجەکانی تری ستراکتوورو پرۆسەی دیمۆکراتی حیزب و دەوری خەڵک لە دامەزراندن وهەلبژاردن و بەرێوەبردن و رێبەرایەتی حیزب و پیگەیاندنی سەرکردەی سیاسیی و ئیداری نوێ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی ترو گۆڕینی دیمۆکراتیی سەرکردایەتی حیزب هەرچەند ساڵ جارێک بوونی نییە .

بەپێچەوانەی رۆژاوا کە ئەندام هیچ ئیمتیازیکی نییە جگە لە دەرفەتی دەرکەوتنی سیاسیی وەک رێبەرو دەبێ پارەو کاتی خۆی بە خۆرایی تەرخان کات ، حیزببیبوون لای ئێمە رێگایەکە بۆ بەرژەوەندیی تاقمکاریی لە سەرووی بەرژەوەندی کۆمەڵ و نەتەوەوە .

حیزب تاکە ناوێک و رێکخراوێکە لە کۆمەلگای بەربەریکراوی ئێمەدا کە هاوتای دەسەلاتی ستەمگەریی تۆتالیتاریی بێ چاودێری ولێپرسینەوەو بەرداد کردنە .

بازاڕی ئازاد : بازاڕی دزیی ئازادە بۆ مافیاکانی حیزب .

دەرەبەگـــایەتی نـــوێ : دەرەبەگـــایەتی داگیرکـــاریی بـــێ ســـنووری زەوی و زارو سەرچاوەی سامانی گەلە بۆ پیاوەکانی حیزب .

ســـەرمایەدار : دەســـتەیەکی هەلتۆقیـــویی ســـەرمایەدزیی بـــودجەو بازرگانی و پرۆژەو داهاتی خەلکە .

ئـــازادیی رۆژنـــامەگەریی : ئـــازادی مافیاکـــانی حیـــزبە هەر کەســـە و تـــاقمە دەزگـــای میـــدیاو تەلەفزیـــۆن یـــان رۆژنـــامەی حیزبـــی خـــۆی یـــان ســـێبەر دابمەزرێنـــێ و بە پـــارەی دزراو رۆژنامەنووســـان بەکـــرێ بگـــرێ و مێشـــکی خەلـــک بشـــواتەوەو نـــاکۆکیی و پارچەپـــارچەبوونی نەتەوەیی بەهێز بکات .

حیـــزب مەفـــرەزەی چەکـــداری هەیە ، میلیشـــیای هەیە ، کۆمپانیـــای هەیە ، میـــدیای هەیە ، ئـــابووری وبـــازاری لە دەســـتدایە ، بـــازاری کـــاری لەدەســـتدایە ، خەڵـــک دادەمەزرینـــێ و دەردەکـــا ، رۆشـــنبیر دەکـــا بە ئەفســـەری ســـەربازیی و مـــووچەی بـــۆ دەبـــرێتەوە ، هەزاران کەس خانەنشـــین دەکـــاو موووچەیـــان بـــۆ دەبـــرێتەوە تـــا بێکـــارو بێـــبەرهەم لە مـــالەوە دانیشـــن ، دەســـت لە ژیـــانی خێـــزانییەوە وەردەداو فەســـادی کـــۆمەلایەتی بـــلاو دەکـــاتەوە ، پێوەنـــدی سیاســـیی ودیپلۆماســـی لەدەســـتدایە ، جاسووســـیی و نـــۆکەریی بـــۆ داگیرکەرانـــی دەوروبەر دەکـــات ، دەتـــوانێ پەرلەمـــان بخـــاتە ژێـــر پێـــوە ، خیـــانەت بکـــا ، بیـــرەنەوت و زەویـــوزاری خەلـــک لە ســـەر خـــۆی تـــاپۆ بکـــات ، گرێبەســـت لەگەل کۆمپانیـــای بێگـــانە ببەســـتێت وکوردســـتان بکـــاتە ملکـــی ئەوان نەک نەوەکانی داهاتوومان ... هتد .

حیزببیـــوون پێویســـتی بە عەقـــڵ نیـــیە ، بە ئەخـــلاق نیـــیە ، بە توانســـت و لێهـــاتوویی نیـــیە ، بە دەســـپاکیی و دڵســـۆزیی نیـــیە ، بە هوشـــیاریی و ویژدانـــداریی وەک تـــاکو ئەنـــدامی کـــۆمەل و نەتەوە نیـــیە .

حیزبـــــــایەتی لەگەڵ ڕەوە کەوتـــــــنە ، لەگەڵ خێــــــڵ کەوتـــــــنە ، بەدواکەوتنـــی کـــوێرانە یـــان ســـاختەچێتییە بـــۆ بەرژەوەنـــدی گەنـــدەڵیی و فەسادیی .

حیـــزب بنەمـــاو ســـتراکتورو پـــارێزەری سیســـتمی کـــۆیلایەتی تـــاک و کۆمەڵە ، کۆیلایەتی مووچەو کۆیلایەتی بودجە .

حیـــزب دوکـــانێکی سیاســـییە کە سیاســـەتی کـــردۆتە بازرگـــانییەکی حەرام، کەرەســـەو کـــالای ئەو بازرگـــانییە مـــرۆڤ ، کەســـێتی مـــرۆڤ ، کەرامەتـــی مـــرۆڤ و داوەشـــاندنی کـــۆمەڵ و فرۆشـــتنی پاشـــەڕۆژی نەتەوەییمان ە.

لە غەرب حیزب لە مردندایە .

لای ئـــێمە حیـــزب بە مردوویـــی لە دایکبـــووە : مردوویـــی دڵ ، مێشـــک ،. ویـــژدان ، کەرامەت . بەلام بـــۆتە لاشـــەیەکی گەنـــدەڵی پـــیس ، هەزاران ڤایرۆســـــی کوشـــــندەی لە جەســـــتەی کـــــۆمەلایەتی و نەتەوەییماندا بلاوکردۆتەوە .

لە غەرب حیـــزب دەمـــرێ ، حکـــومەت زینـــدووەو کـــۆمەل ســـەدان دەرفەت و ئاســـۆی ژیـــانی ئـــازادی لە پێشـــە ، بە مرنـــی حیـــزب کـــۆمەل و تاک تەندروستتر دەبن .

لای ئـــێمە حیـــزب دەژیـــاو کـــۆمەل و نیشـــتمان و نەتەوە لە مردنێکـــی هێواش دان .